چیرۆك بۆ منداڵان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

قاسپە قاسپی کەوان

کاکەباس

2017

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

چیرۆک بۆ منداڵان

قاسپەقاسپی کەوان

کاکەباس

ناوی کتێب: قاسپەقاسپی کەوان
نووسەر: کاکەباس (حاجی مەمۆ)
بابەت: چیرۆک بۆ منداڵان
وێنەکان: خەندە ڕەشاد
دیزاینی ناوەوە: ڕۆژگار شێخانی
چاپی یەکەم: ٢٠١٧ کوردستان

لەبەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی (745)ی
ساڵی 2016 ی پێدراوە

Qaspaqaspi kewan
Sagor för barn
© Kakabas Hussain
Grafisk form och bild Xende Reshad
Tryckt i Kurdistan 2015
ISBN

قاسپەقاسپی کەوان

چەندان ڕۆژ بوو، پاشماوەی دووکەڵی ئاگری خانووە سووتێنراوەکانی گوندەکە، هێشتا بەری ئاسمانی بەرنەدابوو، کەچی ڕەوە کەوەکانی ئەو بنارە، یەک بەدوای یەکەوە، بە ئاسمانی دووکەڵاویی گوندەکەوە، بەتاو لە شەقەی باڵیان دەدا، بەسەر کەلاوەی خانووە نیوە ڕووخاوەکانەوە، سووڕیان دەخواردەوە. دیار بوو بەدوای دیتنی مرۆڤێک دەخولانەوە، زۆریان لا سەیر بوو، دەبێ چی قەومابێ! ئاسمان مرۆڤەکانی لووش داوە، یاخود زەوی قوتی داون..!

بۆ جارێکی دیکەش کەوەکان، بە ئاسمانی گوندەکەدا خولانەوە، بەڵام دیسانەوە هیچیان بەرچاو نەکەوت، بێجگە لە چریکوهۆڕی سۆزاویی بەزمیی چۆلەکەکان، کە بەڕیز لەسەر دیوارێکی نیوە ڕووخاو ، بەدەم سەیرکردنی ئەو قۆپەنە داڕە سووتاوە، کە هەتا بەر لە چەند ڕۆژێک هێڵانە و هەواری ڕۆژانەی نیشتنەوەیان بوو. چۆڵەکەکان تێکڕا هەر دەیانجریواند و دەیانجریواند.. دەنگیان تێکەڵ بە خوڕەی ئاوی ئەو چەمەوە تێکەڵ ببوو، کە ئاوی بەفراوی تواوەی قەدپاڵی شاخەکانی دەوروبەری، بە هاژەهاژ پێدا دەهاتە خوارەوە..

لەولاشەوە ئەوەی سەرنجی کەوەکانی بە لای خۆیەوە پەڵکێش کردبوو.. لە خوار شوێنەواری گوندەکەوە، دیمەنی سەگ و گوجیلەکان، وەک گورگی برسی، هەموویان بەیەکەوە، کەوتبوونە سەر لاشەی، کەلاکی وڵاخێکی تۆپیو، لووڕە لووریان ڕوو لە ئاسمان بوو...

ئەو ڕۆژە کەوەکان بەدەم فڕین لە ئاسمانی گوندەکەوە، ماندوو بوون، وەک ئەوەی بە دارلاستیکی منداڵەکانی گوندەکە، بەر لە چەند ڕۆژێکی

ڕابردوو، نیشانیان لێ گیرابێت، بەتاو ڕووەو زەوی بوونەوە، هەر ئەوەتە زگیان لە عەردی سووتاو نەدەخشاند، بەڵام پێش ئەوەی بە زەوی بکەون، بەلانسی خۆیان دەگرتەوە، سەرلەنوێ بۆ قووڵایی ئاسمان بەرزە بوونەوە..

هەر کە ئێوارەش داهات، کەوکان زیاتر درکیان بە سامناکیی دیمەنی چۆل و هۆڵی، ئەو گوندە سووتێنراوە کرد، کە خاک و دار و بەردی سووتاو کاس و هێڕی دەکردن.. بە ناچاری بەرەو هەواری بناری لووتکە بەرزەکان هەڵفڕین، بێ ئەوەی برسێتیان لە بیر بێت، هەست بە تێنوێتی بکەن، بەسەر هێللانەی پەنا تاشە بەردی ئەو شاخانە نیشتنەوە، ڕەشماڵی شەویان بەسەردا بەربووەوە.



کۆمەڵە کەوێکی جوان و خاوەن ملوانکەی ڕەنگاوڕەنگ، لە قەد پاڵی شاخێکەوە، سێرەی چاویان هەر بەسەر کەلاوەی گوندە سووتاوەکەوە بوو، چونکە چەندان ڕۆژ بوو، مام وەسمان لە بەرچاویان بزر بوو.. چەند سەریان دەهێنا و سەریان دەبرد، لەوە نەدەگەیشتن، مام وەسمان و خزمەکانی گوند بۆ کوێ چوون..!

ئەو مام وەسمانەی، هەموو بەرەبەیانییەک بە ڕستە داوەکانی، لێرەولەوێ لە بۆسەدا بوو، بۆ ڕاوکردنی کەوی ئەو قەدپاڵ و کێوانە، بە جۆرێک کەوەکان بە دیدەنی ڕۆژانەی ئەو مرۆڤە ڕاهاتبوون، چونکە هەر چەند بێچوە کەوی بەجێماوی هێللانەکانی بدۆزیبایەوە، بێچووەکانی کۆ دەکردەوە و لە هەمێزی سەبەتەکەی دەستی، بۆ ماڵەوەی دەبردنەوە، وەک منداڵە وردیلەکانی خۆی، هەمیشە لەگەڵ بەخێوکردنیان خەریک بوو، هەتا ئەو ڕۆژەی ئەو فەرخانە دەبوون بە باڕەکەو، یەکەیەکەی کەوەکانی بۆ بناری دەشت و دۆڵی ناوچەکە بەڕەڵڵا دەکرد. بۆیە کەوەکان "مام وەسمان"یان لە دڵەوە خۆش دەویست..

لەو چەند ڕۆژەی دواییدا، کە مام وەسمان لەوە دڵنیا بوو، گوندەکەیان بە دەستی سوپای داگیرکەری سوڵتانی ئەم وڵاتە وێران دەکرێ، خەڵکەکەشی بۆ هەواری دێیە زۆرەملییەکان ڕادەگوێزنەوە، ئەو چەند کەوەی لەناو قەفەز مابووی، لە بەرەبەیانێک بە چاوی پڕ لە فرمێسک، کەوەکانی یەکە یەکە، لە قەفەزەکان دەرهێنا و بەڕەڵڵای کردن. بەو مەبەستەی ئەو کەوانە

لە ئاووهەوای لووتکەی ئەو شاخانە دانەبڕێن، کە وڵاتی هەمیشەیی ئەوانە. کەوەکان بە چاوی خۆیان باوەڕ نەدەکرد، ئەوە مام وەسمان چی بەسەرهاتووە! بەڵام کە سەیریان کرد، فرمێسک بە لاجانگی مام وەسمان، ڕێچکەی بەستووە، تێگەیشتن چ باسە. بۆیە هەموویان یەک بەدوای یەکەوە، قەتارەیان بەست، لە ئاسمانی ئەو ناو، بەیەکەوە کەوتنە چڕینی ئەو ئاوازە..

قاسپە قاسپ

قاسپە قاسپی ژیان

بۆ مام وەسمانەکەی خۆمان

لە بیرمان ناچێ، هەتا مردن

زۆرت زەحمەت کێشا بۆمان

بۆ هەموو تان بەجێمان دەهێڵن

ئێمەش لەگەڵ خۆتان بەرن

خۆ ئێستا خۆت و پورەخان

دایک و باوکی تەواوی ئێمەن.

لێرەدا مام وەسمان چیتر خۆی بۆ نەگیرا، خێرا ئەو ناوەی بۆ بەردەوامی هەڵفڕینی کەوەکان بەجێهێلا..

٣

مام وەسمان لە بەردەمی خۆیەوە، منگە منگی بوو، دەیگوت و نەیدەگێڕایەوە.

_ چاک دەزانم لە دووری وڵاتەکەمەوە، کە بە گوێبیستنی قاسپە قاسپی کەوەکان ڕاهاتووم ، لەگەڵ دوورخستنەوەم، ماوەیەکی کورت دەژیم..! هەر بۆیەشە بەر لە ڕاگواستنەوەمان، کەوەکانم بەڕەڵا کرد، چونکە نامەوێ بەدوای مەرگی خۆمەوە، کەوەکانیش دەربەدەر بن، لە تامی ژیانی سەربڵندی وڵاتەکەمان دابڕێن.. دەزانم ژیانی کەوەکان، لەگەڵ شاخ و بنار و تاشەبەرد، لەگەڵ ئاوی کانی سازگار، لەگەڵ هەڵفڕینی سەربەستی خۆیان دەژین..

_ بۆ چما ژیان لە هەموو جێگایەک وەک یەک نییە..!

_ نەخێر کەوە دەنگ خۆشەکانم.. ئێوە لەم وڵاتە، دەنگ و ڕەنگی خۆتان جیاوازە، هەر کە لێی دەرچوون، ناوتان دەگۆڕێ، ئاوازەکانتان شتێکی تری لێ دەردەچێ..

_ باشە نابێ، تۆ بەجێمان نەهێڵی..!

_ ئەوەش ناکرێ، پادشای عەرز و عاسمان، مافی ژیانی لەم وڵاتە بۆ ئێمە یاساغ بڕیارداوە..

ئەو جارەش کەوەکان، بە خۆشۆڕکردنەوە .. چرکاندیان

_ قاسپە قاسپی مالّئاوایی

سوارەی ڕێگای ئاوارەیی

هەتا ئێمە لە ژیاندا بمێنین

چاوەڕێی گەڕانەوەت دەبین...

ئەو شێرەی مەیمون دەیبەستێتەوە ..!

هەبوو نەبوو لە گۆشەیەکی دارستانێکی ئاوەدانی ئاژەڵاندا، وڵاتێکی بچکۆڵانە هەبوو. ئەو وڵاتە بە ناوی وڵاتی مەیموونەکان ناسرابوو. لە هەر چوارگۆشەی دارستانی پان و بەریندا، شێر پادشای گەورە بوو. بەڵام مەیموونەکانیش لەناو خۆیان و بۆ خۆیان پادشایەکی گچکەڵانەیان هەبوو.

ڕۆژێک درەنگ و زوو ، تێکڕای ئاژەڵەکانی دارستان، لە دەنگی فیغان و لالانەوەی مەیموونەکان، لە خەوی قورسی ژێر سێبەری دارە بڵندەکان بێداربوونەوە. مەیموونەکان بە جۆرێک دەگریان، دارستانیان هێنابووە هەژان، تەنیا مەیموونێکی لەڕولاواز، لە پەنایەکەوە بۆ خۆی کەوتبووە ناو خەیاڵان...

لە دەستووری بەڕێوەبردنی وڵاتی مەیموونەکان هاتبوو، هەر کە پادشای ئەو وڵاتە بمرێ، تێکڕای مەیموونەکان کۆ دەبنەوە، لەناو خۆیاندا، یەک مەیموونی بەئەزموون، لە هەمووان ژیرتر، بۆ خۆیان بە پادشای نوێ دەست نیشان دەکەن.

مەیموونە لاوازەکە، ڕۆژێک بەر لەو کۆبوونەوە فراوانەی مەیموونەکان، فرسەتی ئەوەی بۆ هەڵکەوتبوو.. لە کونجێکەوە ڕووبەڕووی شێر بووەوە. بەدوای سڵاو لێکردن و ڕێزلێنانەوە، لە بەردەمی شێردا هەڵزەقییەوە و گوتی..

_ شێری گەورە، پادشای دارستان.. بیرۆکەیەکم بۆ هاتووە ، ئەگەر گوێم لێ بگرن، دەمەوێ بۆتانی بڵێم.

شێرەکە بە سەرسوڕمانەوە، تەماشای ئەو مەیموونە بچووکەی بەردەمی خۆی کرد، بەدەم ئاوڕدانەوە، بە هەر چواردەوری خۆیدا، ڕێگای دەربڕینی ئەو بیرۆکەیەی پێدا.

مەیموونە گچکەڵانەکە دیسانەوە گوتی..

_ گەورەی دارستان، تۆ کە پادشای سەرتاپای دارستانی، دەزانم هەموو ڕۆژێ بۆ پەیداکردنی لوقمەی خۆراکی ڕۆژانەت، بەدەم ڕاوکردنەوە خەریکی. ئەوەش دەزانم نێچیرەکان خۆیان دەشارنەوە، تاکو بەردەستت نەکەون. ئەوجا بۆ ئەوەی لەو پێناوەدا، ئەوەندە ماندوو نەبیت! ئەگەر گوێ لە بەندەی بچووکی خۆت بگری.. من هەموو ڕۆژێک دوو بێچوە مەیموونی ناسکۆڵەی وڵاتەکەی خۆمانت پێشکەش دەکەم، بەو مەرجەی بۆ سبەینێ، ڕۆژی هەڵبژاردنی پادشای وڵاتی مەیموونەکان، ڕێگام بدەن بە پەتێک دەست و پات ببەستمەوە، تاکو پیشانی کۆبوونەوەی مەیموونەکانی بدەم..!

شێرەکە، کە هەموو ئاژەڵەکانی دارستان لەبەری دەلەرزین، لە خۆشی ئەو پێشنیارەی مەیموونە بچکۆلانەکە، دەمی ئاوی کردبوو، لە دڵی خۆیدا گوتی.. لەوە باشتر هەیە، من هەموو ڕۆژێک، دوو بێچوە مەیموونی تەرناسکم بەبێ ماندووبون چنگ بکەوێ..! بە سەرلەقاندن بۆ مەیموونەکە، ڕازیبوونی خۆی دەربڕی...!

بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە هەردووکیان لە کەناری دارستانەکە، نزیک مەیدانی کۆبوونەوەی مەیموونەکان، وەک مەیموونەکە بیری لێ کردبووەوە.. پەلوپۆی شێر بە پەتی دەستی مەیموونەکە شەتەک درا.

ئەو بەیانییە مەیموونەکان لە گەرمەی کۆبوونەوەکەیاندا بوون، بەیەک نەدەگەیشتن، یەکێک بە پادشا هەڵبژێرن..! لەناکاو مەیموونە گچکەڵانە لەڕولاوەزەکە، بەدەم هەڵبەز و زاقوزریقەوە، خۆی گەیاندە ناوەڕاستی مەیموونەکان، هەموو مەیموونەکانی بۆ ئەو شوێنە ئاراستە کرد، کە شێرەکەی لێ بەستبووەوە، مەیموونەکان هەر ئەوەتە باوەڕیان بە چاوی خۆیان دەکرد و نەدەکرد، ئەو هاوڕێیە بچکۆلانەیان، ئەو شێرە گەورەی پەت کردووە.

ئەوەبوو مەیموونەکان لەناو خۆیان کەوتنە دەنگەدەنگ، هەموویان لەسەر ئەوە کۆک بوون، کە باشترین پادشا بۆ وڵاتەکەیان، ئەو مەیموونە گچکەیە، کە بەزرینگی خۆیەوە، شێری دارستانی بە پەت بەستووتەوە، چونکە ئەو کە بتوانێ ئەو کارە گەورەیە بکات، ئیتر هیچ ئاژەڵێکی دیکەی دارستان ناتوانی غەدر لە مەیموونەکان بکات..

ئەو ڕۆژە هەتا دەمەدەمی ئێوارە، هەر بەزموڕەزمی خۆشی مەیموونەکان بوو . لەگەڵ تاریکبوونی دارستان، شێرە پەتکراوەکە، لە حەژمەتی برسێتی، کەوتە مڕەمڕ، چاوەڕوانی ئەوە بوو، مەیموونی بە پادشا هەڵبژێردراو، قسەکەی خۆی جێبەجێ بکات..! واتە قاچوقوڵی بکاتەوە، دوو بێچوە مەیموونی ساوا بە ساغی بخاتە بەردەمی شێرەوە..! بەڵام مەیموونی بوو بە پادشا، بەدوای پەرتبوونی کۆمەڵی مەیموونەکان، نەوەک هەر پەلوپۆی شێرەکەی نەکردەوە، بەڵکو بگرە بە گاڵتە پێکردنەوە بە شێرەکەی گوت..

_ ئەوەندە نەڕەنڕ مەکە، هێمنی و خۆشی بوونم بە پادشا مەڕەوێنەوە، من هەنووکە پادشای وڵاتێکم، تۆش بە دەردی گەمژەلی خۆتەوە دەناڵی..! دونیا هەر دونیای جاران نییە، بەتەنیا گەورە و بەهێزەکان بیخۆن..!

شێرەکە ئەوەندە تورە بوو، لەداخان بە هەموو دەنگی خۆی، دەینەڕاند، تاکو ئاژەڵەکانی دارستان کۆبونەوە، لەوە گەیشتوون کە بەراستی ئەوە شێرە گەورەکەی دارستانە، بە پەتی دەستی مەیموونێکی بچکۆلانە لە پەلوپۆ

خراوە، هەموو ئاژەڵەکان لێی تەرینەوە، تەنیا ڕێوی بە دەوروبەریدا بازبازانێی بوو، نیگەرانی خۆی بۆ شێر دەردەبڕی، شێرەکە بەناچاری بەگوێی ڕێویدا چرپاند.

_ ئەگەر ئەمجارە دەربازم بکەی، هەتا ژیانم ماوە لە بیرت ناکەم.

ئەوە بوو ڕێوی دوای هەندێ هەڵوەستەکردن، چوو لە دەوروبەری شێرەکە کەوتە سەرچۆکان، بە دگانەکانی کەوتە پچڕاندنی ئەو پەتە باریکەی، مەیموونێکی لەڕولاواز، قاچوقولی شێرەکەی شەکەت دابوو.. شێری چەمبەری لەگەڵ ئازادبوونی، یەکسەر ڕاست بوەوە و پای بەغارێ وەنا و بۆی دەرچوو.. ڕێوی بە سەرسوڕمانەوە دوای کەوت و لەبەرخۆیەوە هاواری بۆ کرد..

_ ئەوە بۆ ئاوا غار دەدەی.. من دەمەوێ بزانم، بە چی پاداشتم دەدەیتەوە..!
شێرەکە بەدەم ئاوڕدانەوە گوتی..
_ کورە چاوەڕوانی چی لەو شێرە دەکەی، کە بە مەیموون ببەسترێتەوە و بەڕێوی بەڕەڵلا بکرێ... !

ئەو گورگەی ئاژەڵەکان ڕاوی دەنێن..!



کەرۆشکێکی نەرمونۆڵی جوانکیلە، بۆ خۆی لەناو بیستان و کێڵگان هەڵبەز هەڵبەزی بوو، ڕۆژانە لە شوێنێکەوە بۆ جێگایەکی دیکە گوزەری دەکرد. هەتا ئەو ڕۆژەی گەیشتە کەلاوەی گوندێکی وێرانکراو، تەماشای کرد لە پەنا نیوە دیوارێکی ڕووخاو، کۆمەڵێک ئاژەڵ بەیەکەوە مۆڵیان کردوە. کەرۆشکەکە بە ئەسپایی لێیان نزیک بووەوە، ئاژەڵەکان بریتین لە مەڕێک و بزنێک و کەرێک و سەگێک، کەرۆشکەکە سڵاوی لێ کردن و تێکەڵیان بوو. چونکە تێگەیشت، ئەو ئاژەڵانە بۆ خۆیان ئازاد و دۆستانە، بە خۆشی دەژین، ئیتر کەرۆشکەکەش وازی لە ژیانی تەنیایی هێنا و لەگەڵ ئاژەڵەکان بە کۆمەڵ ژیانێکی نوێی دەست پێکرد..

ئاژەڵەکان هەموویان، بە هاوڕیتی کەرۆشک دڵخۆش بوون، بەیەکەوە خەریکی ژیانێکی هێمن و ئاسایی بوون، بە دڵنیایی لەسەر هاوکاری و کۆمەک بەیەکتری، تەبایی ناوخۆیان، هاودەمی نێوانیان ڕێکەوتبوون، ڕۆژانە ئەرکی سەر شانیان بەرانبەر یەکدی بە جێ دەگەیاند، کە هەوارەکەیان بە ژیانی ئاسوودەیی، هێندەی دیکە خۆشترکردبوو.

تاکو ڕۆژێک دەمەو ئێوارە، دوو گورگی برسییان لێ پەیدا بوو، گورگەکان وەک ئەوەی بۆنی نێچیریان کردبێت، ئەوها لە دوورەوە چاویان بەو خۆشییەی ئەو ئاژەڵانە نەدەهات، گەرەکیان بوو لە تاریکایی شەودا، پەلاماریان بدەن، بەڵکو برسێتی خۆیان بەپردانە ئەو ئاژەڵە بەستەزمانانە بڕەوێننەوە! بەڵام ئاژەڵەکان کەر و سەگ و بزن و مەڕ و کەرۆشکەکە، هەروەک لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون، بەرانبەر هێرشی دەستدرێژی کردنە سەریان، هەموویان بە یەک دەنگ و بە یەکەوە وەڵام بدەنەوە. بە بێ ئەوەی گورگەکان پێی بزانن، ئاژەڵەکان خۆیان بۆ هەرجۆرە پەلامارێکی کتوپڕی گورگەکان سازدابوو.

لەولاشیەوە هەردوو گورگی چاوبرسی، لەخۆشیان لیکی دەمیان دەهاتە خوارەوە، لەگەڵ تاریکی شەوێ، لەنێوان خۆیاندا یەکێکیان لەپێشەوە پەلاماری ئاژەڵە هەرە گەورەکەی دا و ئەوەی دیکەش چاوەڕوانی کرد، گورگەکە ئەوەندە خێرا بۆ قەمپارگرتن لە سمتی کەرەکە غاری دا، ڕاست

سەری کەوتە نێوان هەردوو لینگانی پاشی کەرەکەوە، کە بە هەموو هێزی خۆی کەوتە جووتە، بەملا و بەولای خۆیەوە، کە لووڕە لووری ئازارەکانی ئەو گورگە، زەندەقی گورگی دووەمیشی بردبوو، چونکە سەگ لەلایەک لەپشتەوە بە کەڵبە تیژەکانی گازی لێ دەگرت و بزنەکەش قۆچەکانی، لە کەلەکەی دەچەقاند، مەڕەکەش بە باعە باع و کەرۆیشکە بزۆکەکەش بە هاتوچۆی بلەزی، وەک ئەوەی هاوار بۆ دەوروبەری خۆیان ببەخشنەوە، بە جۆرێک گورگی دووەم، لەترسان لەو ناوە دوورکەتبووەوە. کەچی گورگی پەلامارەر، هەر بەوە ڕاگەیشت، کە بە هەموو هێزی، خۆی ڕابپسکێنی، خۆی لەناو لینگانی کەرەکە و قەمپار و نەقیزە و قۆچ ئاژەڵەکانی تر دەرباز بکات، لە ترسی پەیدابوونی شوانی ئەو کەلاوانە، بە هەناسەبڕکێ و پاشەڵی خوێناوی لەو ناوە دوورکەوتەوە! تاکو گەیشتەوە گورگی دووەم، هاوڕێیەکەی کە بەم بریندارییەی بینی، لێی پرسی.

_ ئەوە بۆ وات لێ هاتووە، هەموو گیانت برینە..!

گورگەی بیندار بە پچڕپچڕی وەڵامی دایەوە..

_ گورگ هەر هاوڕێی گورگی وەک تۆی هەبێت..! دەبینی ئەو ئاژەڵانە بەیەکەوە چییان بەسەر من هێناوە، واباشترە، هەریەکەمان بەرێگای خۆی دابڕوات..!

ئەو مشکەی پشیلە نەبوو ..

کۆمەڵە مشکێک ژیانیان دوور لە ئاوەدانی، لە پەنا چاڵە دانەوێڵەیەکەوە بەسەر دەبرد. ڕۆژگاریان بەگەمە و سەیران بەرێ دەکرد. هەتا ماندوو و دەبوون، لە بەزموڕەزمی خۆیان نەدەکەوتن. مایەی شادی و خۆشییەکەیان، زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، ڕۆژانە سکتێر بوون. چونکە هەوارەکەیان لە نزیک چاڵێکەوە بوو، بۆ پەیداکردنی خۆراک، هەلەداوانی ئەملا و ئەولا

نەدەبوون، ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ مشکی سەرگەورە، کە شارە مشکەکانی بەرێوە دەبرد، بەڵام ڕۆژێک هات، مشکی بەرێوەبەر، ئەو هەوارەی بە جێ هێڵا و مشکێکی دیکەی لە جێگاکەی خۆی دەست نیشان کرد.. ئەو مشکە لەچاو مشکەکانی دیکەوە، ئەوەندە سەرزڵ و بەقەڵافەت بوو، مشکەکان حۆلە_ یان پێ دەگوت.

حۆلە لەسەرەتای دەست بەکاربوونییەوە، چەندی بڵێی ئازا و چاپووک، بەدەستوبرد بوو. ڕۆژانە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری گوزەرانی مشکەکان خەریک بوو.. هەر کە خۆر ئاوا دەبوو، کاروانی مشکەکانی بۆ پشودان و حەسانەوە بانگ دەکرد. مشکەکان لێکڕا، بە بێ دواکەوتن بۆ ناو کۆلانەکانیان دەگەڕانەوە، هەر کە ڕۆژیش دەبوەوە، یەکەیەکەی مشکەکانی لە خەو بێدار دەکردەوە، کاری بەسەر دابەش دەکردن.

ئیتر ڕۆژانە مشکەکان دانەوێلەیان بۆ هەوارەکەی خۆیان دەکێشایەوە، حۆلە لە هەمووانی وەردەگرت و دەیخستە ناو ئەو کەندووەوە کە لە بنەبانی کونەکەیان دانرابوو. هەر کە ئێوارەش دەهات، دیسانەوە حۆلە بەرهەمی ئەو ڕۆژەی لەسەریەک کەلەکە دەکرد، بە یەکسانی بەسەر مشکەکانی دابەش دەکرد، هەر یەکە و بەشی خۆی وەردەگرت و بۆ کونەکەی دەچوەوە.

بەم چەشنە ژیانی مشکەکانی ئەو هەواڕە، پڕ بوو لە هێمنی و ئاسودەیی، هەر جۆرە دەردەسەرییەکی ژیانیان لە بیر چووبووەوە.

حۆلە لەو دەمەدا کەوتبوە سەروکاری ئەوەی، ڕۆژانێکی نوێی دەست پێکردبوو، بەشێکی لە بەرهەمی مشکەکان، بۆ پەنایەک دەشاردەوە، بە بیانوی ئەوەی بۆ ڕۆژی نەبوونی و تەنگانە پاشکەوتی دەکات.

مشکەکان هەر لەسەرەتاوە، بەم کاری شاردنەوەی بەشێکی بەرهەمی خۆیان دەزانی، کە حۆلە بەبێ ئەوەی پرس بە کەسیان بکات، لە لای خۆیەوە ئەنجامی دەدا، بەڵام یەکێک لە مشکەکان، ورتەی لە دەم نەدەهاتە دەرەوە، هەرگیز لە ئاست حۆلە ورتە بکەن..! ئەوان حۆلە_ یان بە پارێزەری خۆیان دەزانی، لە بەرانبەر پەلاماری دەرەکی، کە پشیلەکان هەمیشە دوژمنی باوککوژەی مشکن.

حۆلە بەبێ پرتەوبۆڵەی مشکەکان، هەموو شتێکی بۆ چووبووە سەر، بای چووە کەوڵی و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە خۆی بایی دەبوو. تا وای لێ هات بە کرمەکرمی دەنکە گەنمی وشک و برینگ، دڵی ئاوی نەدەخواردەوە. بەتایبەت دوای ئەوەی نەوسنییەکەی فێری ئەوەی کردبوو، کە بە پەنادزە خۆی بگەیەنەتە ناندینی ماڵی ئەو مرۆڤە زەنگینەی، کە لە دەوروبەری هەواری مشکەکان، خانوێکی بڵندی کردبوو، تازە بە خاووخێزانەوە هاتبوونە ناوی، تەنیا یەک کیژۆڵەی چەند ساڵەیان هەبوو، ئەو کچە بچکۆڵە، حۆلەی بە پشیلەکەم بانگ دەکرد، هەموو ڕۆژێ لە ناندینەکەیان وردکەنانی چەور و بە کەرەی بۆ لەسەر قاپێک بۆ دادەنا.. بە جۆرێک حۆلە بە پاشماوەی خۆراکی چەور و خۆشی ماڵەکە قەڵەو و لووت بەرزتر ببوو،

خۆی زۆر لە مشکان بە گەورە و مەزنتر دەزانی. هەمیشە لەوان لاگر دەوەستا، بە مشەمشی فیزکردنەوە، خۆی بادەدا..

ئەو ڕۆژەی کچە بچکۆلانەکەی ماڵەکە بە پشیلەکەم بانگی دەکرد، زیاتر دەکەوتە نازکردنەوە، خۆی لە ڕەچەڵەکی مشکان دادەبڕاند، بەڵکو بەڕاستی خۆی دەهێنایە قەرە بە قەرەی پشیلان..! نەخەسەلە کە بە هانکە هانک دەجوڵایەوە، سێبەری زڵ و زەلامی خۆی دەدیتەوە، بە خۆی لە خۆی دەگەڕایەوە و لە بەردەمی خۆی دەیگوت..

_ باشە من چیم لە پشیلە کەمترە..! تەنیا ماوە بمیاوێنم..!

حۆلە وا لە خۆی گۆڕابوو، لە هەڵسوکەوتیدا لاسایی پشیلانی دەکردەوە، تاکو ببێتە هاوڕێی کاتی بەکاتی ئەو کێژۆڵە ناسکۆڵەیە.

منداڵەکە لەخۆشی ئەوەی، بێچوە پشیلەیەکی بۆ پەیدا بووە، حۆلەی فێری سەرمێزی نانخواردنی ناندینەکەیان کردبوو. ڕۆژانە هەموو جۆرە خواردنێکی بۆ لچبوونی حۆلە دەخستە سەر مێزەکەوە. تاکو کەوی بکات و لێی نەسڵەمیتەوە و بە ئارەزووی خۆی سەما و یاری لەگەڵ بکات. بەڵام حۆلە هەر لە دونیای چاوچنۆکی نەوسنی خۆی بوو، حۆلە چاوی سوور ببوو، لە تێرکردنی وَرگی خۆی بەولاوە ئاگای لە تەواوی کاروباری هۆزەکەی خۆیشی نەمابوو.. هەر دەیخوارد و دەیخوارد..!

ڕۆژان زۆر تێپەڕین، کچەکە ئۆقرەی لێ بڕا بوو، تاکو ڕۆژێکیان لەناکاو سەری لەدوو نا، ها لێرە ، هالەوێ، بەڵکو حۆلە بگری، بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی گەمەی لەگەڵ بکات. کەچی حۆلە لەو سەرلەدونانەکەی کێژەکە، زەندەقی چووبوو، ترس و لەرزی مشکبوونی خۆی هاتەوە یاد، وای زانیبوو، منداڵەکەش وەک پشیلەی ڕاستەقینە ئازاری دەدات، بەپڕە پڕ خۆی دەربازکرد..

حۆلە بۆ چەند ڕۆژێک تاسابوو، لە قوژبنێکی کونەکەی خۆی حەشاردابوو.. ئاگای لەوە نەبوو کە گەنم و دانەوێلەی چاڵەکە بنی هاتووە و لەو ناوە نەماوە،

مشکەکان لەبرسان خەریکە بۆ هەواریکی دیکە بار دەکەن. لەو لاشەوە، لەو ڕۆژانەی حۆلە دیار نەمابوو، کێژۆڵەی ماڵەکە، دایک و باوکەکەی هەراسان کردبوو، کە پشیلەیەکی بۆ پەیدا بکەن، تاکو جێگای حۆلە بگرێتەوە، ئیتر ماڵەکە بە میاوە میاوی پشیلەی تەواو ڕاهاتبوو. حۆلە ئاگای لەوە نەبوو، بەڵام نەوس و برسیبوونی، ئۆقرەیان لێ هەڵگرتبوو، کە چیتر دڵی لەو پاشکەوتەی لە بەرهەمی مشکەکانی شاردبوویەوە، نەدەشکا. بەناچاری سەرلەنوێ ملی ڕێگای ماڵەکەی گرتەوە، بێ ئەوەی ئاوڕێک لە دەوروبەرەکە بداتەوە، یەکسەر خۆی هەڵدایە، سەر مێزی نانخواردنی ناندینەکە، بەڵام هێشتا تامی ئەو خواردنانەی سەر مێزەکەی نەکردبوو، پشیلە ڕەشەی لێ دەرپەڕی و سەری لەدوو نا، حۆلە هەر ئەوەندەی بۆ کرا، خۆی بکوتیتە کونە دەرەزێکی تەسکەوە . پشیلەکەش وەک پاسەوان لەبەردەمی ئەو کونە هەڵتوتکا و دەیموواند... لەگەڵ تاریکایی شەو حۆلە فرسەتی هێنا و بە پەشیمانی بەرەو کونەکەی خۆی گەڕایەوە، بەڵام لەپاش ئەوەی مشکەکان بە برسێتی ئەو هەوارەیان بە جێ هێشتبوو، حۆلە بەتەنیا لەگەڵ ئەو گەنم و دانەوێڵەیەی لە مشکەکانی شاردبوەوە، هەر هەناسەی پەشیمانی هەڵدەکێشا.. چونکە نە مشکەکان جاریکی تر باوەڕی پێدەکەن، نە خۆیشی بوو بەپشیلە...

چیرۆک بۆ کچەکەم ...

١

کچۆلەکەم سەربردەی سەرەتای کاروانی ژیانت بۆ دەگێڕمەوە، هەنووکە گوێم لێ بگرە، ئەو کاتەش گەورە بووی، بۆ خۆت بیخوێنەوە..

تازە بەسەرپێیان کەوتبووی، منداڵیکی هێجگار کەمدوو بووی، من لە ئێوە دوور بوم، تۆ و دایکە دڵسۆزەکەت هەر ڕۆژەو لە ماڵێکەوە بۆ ماڵێک دەژیان.

ئەوێ ڕۆژان پرسیارت دەکرد، بەڵام باش لە دایکت حاڵی نەدەبووی! هەندێ بەیانییان کە لە خەو رادەبووی، لە باوەشی گەرموگوڕی من چاوت دەکردەوە، بە هەردوو دەستان، دەستت لە مل دەکردم، تێر تێر ماچت دەکردم.. بێ ئەوەی بزانی بۆ لە تاریکایی شەو هاتوومەتەوە! هەندێ جاری دیکەش، لەگەڵ دایکت، ئێوە دەهاتنە سەردانی من، کە مەودایەک بە سواری ترومبێل و دواتر بە سواری پشتی حەچۆ، بەناو شاخ و دۆڵەکانی وڵاتەکەمان، بۆ چەند شەوێک میوانی بنکەی پێشمەرگان دەبوون.

کچم گوێبگرە و دوایی بیخوێنەوە، جارێک لەو جارانە، شان بە شانی دایکت، هاتبوونە گوندی "خەردەن"ی ناوچەی دۆڵەمەریان، ماڵی مام غەزالی، ئەو پیاوە بارزانییەی بەدەستی بەعسییەکان ئەنفالکرا . بۆ شەوەکەی من و چەند

پێشمەرگەیەکی ئاڵای شۆڕش، بەڕێگای شاخی برادۆست گەیشتینە لاتان، کە بەکر خۆشناو، هیوا، ڕێبوار بوون. بەدوای هەندێ حەسانەوە، لەگەڵ تاریک و ڕوونی بەیانیدا، ماڵئاواییمان لە بنەماڵەی مام غەزالی کرد و جارێکی دیکەمان نەدیتەوە. تۆمان لە خەو بێدار کردەوە و لە باوەشی دایکت، هەردووکتان سواری پشتی ئەو ئەسپە بوون کە ناومان لێ نابوو، هۆپزەندان.. خۆشمان بەرەو سنوورە دەسکردەکانی نێوان پارچەکانی کوردستان بەرێکەوتین..

کچە شیرینەکەم.. دەمە دەمی نیوەڕۆ بوو، لە ڕێگای هات و نەهاتمان، بە ئاوەدانییەک گەیشتین، کە تۆ زۆرت پێ سەیر بوو، چەند خێزانێک لەو بنارەی بەرانبەر چیای پیرانەوە، بە چیلکە دار و پەلاشان، چەند کەپرێکیان دروست کردبوو، بە شەو و بە ڕۆژ تێیدا دەژیان. هەتا دەمەدەمی ئێوارە لە لایان پشومان دا، لەگەڵ خۆرئاوابوون ملی ڕێگای دەشتی بەرازگرمان گرت، گردۆڵکە و هەورازونزمی زۆرمان بڕی، تا شەومان بە کۆتا هێنا، ئەو دەمە لە ڕووباری سەرسنوورەکان "خوواکورک" پەڕینەوە، کە تۆ هەر لە باوەشی دایکت، لەسەر پشتی وڵاغە بەرزەکە خەوتبووی.

کچەکەم لەو سەفەرەدا، دۆڵاودۆڵ بە ناوچەی خواکوڕکدا تێپەڕین، هەتاکو ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە بنکەی برادەرەکانی باوکی تارا، کە یەکێک بوو لە مرۆڤە تێکۆشەرەکانی بیروباوەڕی کۆمۆنیستەکانی عیراق و دۆستایەتییەکی گەرمیان لەگەڵ ئاڵای شۆڕش هەبوو، ئەو شەوە و زۆر سەفەری دیکەش، خزمەتی زۆرییان کردین، یەکێک لە خانووەکانی هاوڕێیەکی خۆیان بۆچۆڵ کردین، ئێمە لە سەربان و هاوڕییەکانیشمان لە ژوورەوە خەوتین.

بۆ بەیانی بە لووتکەکاندا هەتاکو شۆینی سەیارە سەرکەوتین و "هۆبەزەندان" مان بۆ لای ئەو برادەرانە ڕەوانکردەوە، خۆمان بەسواری ماشین بەرەو شاری شنۆیە بەڕێکەوتین..

کچەکەم لەو ماوەیەدا، بۆ سێ مانگان لەو شارەدا، لە ژوورەکەی کاکە حەمە جێگیر بووین، لەو ماڵەدا خێزانێکی دیکەی شاری هەولێر دەژیان کە پیاوەکەیان، پێشمەرگەی پارتی بوو، ئەوان دوو منداڵیان هەبوو، ناوەکانیان هەژار و ئاواز بوو، ڕۆژانە تۆ گەمانت لەگەڵ دەکردن، بەخۆشی و شادی هاوڕێی یەکتری بوون.

کچەکەم لەو شارەدا، زۆربەی ڕۆژان لەگەڵ دایکت دەستمان دەگرتی، بەیەکەوە بە شەقامەکانی ناو شار دەسوڕاینەوە، یاخود بۆشارەکانی دیکەی وەک مهاباد، نەغەدە، خانە و ورمێ وزیوە، سەردانی دۆست و هاوڕێیەکانمان دەکرد..

بەڵێ کچە ناسکۆڵەکەم، ڕۆژانی خۆش بوو، کە بەیەکەوەمان بەسەر برد، تا ئەو ڕۆژەی سەرلەنوێ ئێوەم بەسواری ترومبێل بۆ ئەوگوندەی بناری شاخی قەندیل (گوندی باداوێ) برد. بۆ شەوەکەی تۆ و دایکت لەژێر ڕەشماڵێکدا، لە لای ژنەکان خەوتن، منیش لە لای پیاوەکان.. ئەو ماوەیە تۆ بەوە دەقت گرتبوو، دەبوو شەوانە چاوێلکەکەی من لە لای خۆت گل بدەیتەوە.. بەڵام کە بەیانی زوو لەگەڵ مام عەولای کاروانچی بۆ ئەودیوی قەندیل بەڕێم کردنەوە، تاکو بەرەو شاری هەولێر بچنەوە، لەگەڵ ماڵئاوایی لەیەکتری کردنمان، چاوێلکەکەت وێ دامەوە، کە من هەر لە بیرم نەبوو.. بە حەسرەت و ئاوڕدانەوەی بەردەوام لە یەکتر جیا بووینەوە..

کچە شیرینەکەم.. وەک دایکت بۆی گێڕاومەتەوە.. هەر کە گەیشتبوونەوە شارە دێرینەکەی خۆمان، هەوڵیر.. زۆر بەپارێز ماڵەومااڵتان کردووە. هەر چەند فێری ئەوەمان کردبووی، کە لە لای کەس باسی دیتنی من نەگێڕیتەوە، بەڵام وەک دایکت دەیگوت.. لە هەر کوێیەک توشی چاوێلکە لەچاوێک دەبوون، دەتگوت.. دایکە ئەوەتە بابە..!

کچە نەشمیلانەکەم.. ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر دەبووی، بەرەو سێ ساڵی دەچووی، خوشکێکی دیکەت لە دایک بوو، ناوتان چرا لێ نابوو، ئەو ڕۆژە تۆ و چرا هیچ کامتان ناسنامەتان نەبوو، بە هۆی قاچاغی من لە حکومەتی بەعس، بەناوی منەوە، ئێوەش یاساغ بوون.

لەوێ ڕۆژان، منیش بە ناچاری بە هۆی خراپبوونی تەندروستیم، بە قاچاغ و پیادەڕۆ بۆ وڵاتی تورکیا پەڕیبومەوە، کە لە شاری "هاکاری" نیشتمانی داگیرکراوی کوردان، لە الیەن یوئێنەوە، مافی پەنابەریم پێ درابوو، ناوی ئێوەشم لەگەڵ خۆم تۆمار کردبوو.. چونکە لە ڕێگای تەلەفۆنەوە بە بارودۆخی ژیانی ناخۆشی ئێوە ئاگادار ببووم. ئەودەم ئەنفالی کورده یاخیبووەکان لە الیەن ڕژێمی بەعسەوە، دەستی پێکرابوو، سەدان گوند و دەیان شارۆچکەیان وێران کردبوو، بەشێکی خەڵکەکەیان بەژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە و هەتا ئاژەڵەکان زیندەبەچاڵ کردبوو، کانی و بیر و سەرچاوەکانی ژیانیان لەو ناوچانە تەقاندبوەوە، شاری هەڵەبجەیان بە ژەهری کیمیاوی بۆردومان کردبوو.

ئیتر کەسوکاری ئێمەش، ئێوەیان لێ ببوو بە بەڵا، کەس بەخۆوەی نەدەگرتن، بەڵام من هەمیشە لە خەمتاندا بووم، ئەوە بوو لە فرسەتێک، بە هۆی هاوڕێی جوامێر، هەژار کۆڕی ، بەدواتانم دانارد. تاکو لە ڕاونان و گرتن و دوورخستنەوە و ئەنفالکردن دەربازتان بکەم.

کچەکەم.. ئەو ڕۆژانە دایکت بە دوو منداڵەوە، هەر خەریکی خۆ شاردنەوە بوون، کە تۆ پێیەوە حەپەسابووی، ترس گرتبووی، هەر کە بە نهێنی بچووبوونایە ماڵی باوکم، هەمیشە خۆت لە باوەشی مامرێ "دایکی من" و عەلەکە "عەیشەخانی خوشکم" خۆت گرمۆڵە دەکرد، کەچی لەگەڵ ئەوەش، هەرگیز شەکرۆکەی خۆت لە بیر نەدەکرد، کە مامرێ لەناو گیرفانەکانیدا بۆی هەڵگرتبووی..

٣

کیژە خۆشەویستەکەم.. ئەوێ ڕۆژان، زۆرتر لە ماڵی باپیرەت "باوکی دایکت" بە نهێنی سەری خۆتان کزکردبوو، لەناو خەم و مەلوولی دەژیان، تەتەرێک نامە و ڕاسپاردەی منی بۆ دایکتان هێنابوو.. ئەوەبوو لەگەڵ دایکتان چووبوونەوە ماڵی بابەحاجی "باوکی باوکت" و لەوێ بەدیاری هاوڕێ هەژار گەیشتبون، کە دایکتان پێشتریش وەک هاوڕێیەکی ئاڵای شۆڕش دەیناسی. بۆ بەیانی زوو، بە هاوڕێتی هەژار، قاچاغە ڕێگای هاتونەهاتتان گرتووە، بێ ئەوەی یەکێک لە کەسوکار بوێرن هەتا شوێنێک ڕەگەڵتان بکەون..! لەگەڵ مامە "هەژار"ی بەجەرگ و وەفادار، بەسواری ترومبێلێکی نیمچە قاچاغ و بە لارێدا هەتا دەمەدەمی ئێوارە گەیشتوونەتە ئاقاری گوندەکانی ڕۆست و گرتکان لە نزیکی سنوورەکان. لەوی بە شەوی تاریک بە سواری وڵاغە بەرزەیەک شاخەوشاخ بە باریکەڕێگای کەندولەندان ئەو سنورانەتان بەزاندوە.

بەڵێ کچە شیرینەکەم، وەک دایکت بۆی گێڕاومەتەوە، ئەو شەوە یەکێکتان لە باوەش و ئەوەی دیکەتان لەو کۆڵەپشتەی کۆڵی بەدرێژایی ڕێگای شەو، بۆخۆتان خەوتون. تا بەیانی لەسەر سەروچاوەی کانییەکی قەدپاڵی شاخەکان، نۆرەی پشوو هاتووە. قاچەکانت سڕ ببوون، نەتتوانیوە لەسەر قاچ بوەستی،

لەداخان لەپرمەی گریانت داوە، کەچی مامە هەژاری میهرەبان، سەرباری ماندوبوونی بێشوماری خۆی، تۆی لەباوەش گرتووە، قاچوقولت گەرمبوونەتەوە و هەندێ گاگۆڵەی پێ کردووی، ئەوجا بەسەرپێیان کەوتوویتەوە. ئەو ڕۆژە هەتا بەرەبەری ئێوارە خەساونەتەوە، کە هەموو خۆراکێکی پێویستی خۆتان پێبوە. ئێوارە سەرلەنوێ سواری وڵاخ بوونەتەوە، زۆر ڕۆیشتوون، کەم قسەتان کردووە، تا ئەودەمەی لە دوورەوە، چاوتان بەتروسکایی ئاگر کەوتووتەوە، هاوڕێ هەژار ئاگاداری کردوونەتەوە.

_ ئەوان تروسکایی، شوێنی سەرتۆقەرەی بەیەکگەیشتنی "کێلەشین" دوو زنجیرە شاخی بەرزە، ئیتر لەوێوە بەسواری ماشین بۆ لای هاوڕێیەکانی "ئاڵای شۆڕش" دەچین و لە مەترسی دەرباز دەبین.

٤

کچەکەم .. ئەو شوێنانەی ئێوە پێیدا هاتن، منیش چەندان کەرەت لەگەڵ هاوڕێیان پێیدا هاتوچۆم کردووە، سەرباری هەرجۆرە مەترسییەک، ئێمە بەردەوام بەپیادەیی، کۆڵە پشتی کۆڵمان، تفەنگ و ڕەختی فیشەکدانیش سەربار بووە. من دەزانم ئەگەر هاوڕێ هەژاری بوێر و دڵسۆزی هاوڕێتی نەبوایە، هەرگیز کەس لە خۆی ڕانەبینیوە ماڵومندالّی یەکێکی دیکە لە خۆی بکاتە بەڵا و بەتەنیا خۆی لەو ڕێگایانە بدات..! ئەو مرۆڤە چ پیاوەتییەکی ڕچەشکێنی لەگەڵ ئێوە و مندا کردووە..! دەبێ بکارین نموونەی لەم جۆرە ببینینەوە..!

کیژەکانم.. ئەگەرچی زۆر ماندوو ببوون، بەتایبەت دایکە لاچەکبەسەرەکەتان، بەڵام دڵنیام، ئیتر هەناسەی دڵەڕاوکێ و مەترسییەکانتان لێ ڕەویوەتەوە، تێر بەسنگی خۆتان نۆرەی هەناسە هەڵمژینی ئاووهەوای سازگار، نۆشینی ئاوی بەفراوی قەدپاڵی شاخەکانتان بۆ ڕەخساوە.

کچەکەم... ئەگەر لە بیرت مابێت، ئێوارەکەی گەیشتوونەتە بنکەی هاوڕێیانی ئاڵای شۆڕش لە ئۆردووگای زێوەی تەرگەوەر، ئەو ئۆردووگایەکی پەنابەرەکانی کوردستانی باشوور، لێی جێگیر کرابوون کە زۆربەیان لەو خەڵکە بارزانییە بێدەرەتانانە بوون، بەهاوینی گەرم و زستانی بەستەڵەک لەژێر جەمەلۆنەکانی ئەو ئۆردوگایە ژیانی قوربەسەرییان بەسەر دەبرد، ئەوجاش چەند جارێک لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانی حکومەتی بەعس، بوردومان کراون و بەدەیانیان لە منداڵ و ژن و پەکەوتەکان، بە مەرگ زیندە بەچاڵ کراون..! لەوێ لەو زێوە، هاوڕێیە دلسۆزەکانی باوکت.. لەپاڵ مامەهەژارت، بەکر خۆشناو، وریا قادر، پێشەوا، مریەمی هاوسەری پێشەوا، لەپێش هەموویانەوە بەدەنگتان هاتوون کە هەموویان دایکتیان دەناسی. ئیتر بۆ کۆمەکی دوای یەک دوو ڕۆژی حەسانەوەتان دوبارە قاچاخچییان بۆ دۆزیونەتەوە و بە سواری وڵاخ ئەوجارەی بەناو کوێستانە شاخاوی و بەفراوییەکانی سنووری سێ چوکلەوە، ڕەوانەی ناوچەی گەوەڕی کوردستانی باکووریان کردوون، واتە بۆ ماڵی مەلا حسێن بارچینی شاری گەوەڕێ. بەڵام ئەو جارەیان بێ مامەهەژاری کۆڵنەدەرتان پێوە دیاربوە، تا بڵێی خەمبار و کزوکۆڵ بوونە، لە ڕێگا تەنیا دایکە ماندووەکەتان، فریا و دەرەقەتی هەموو تەنگانە و ناخۆشییەکانتان هاتووە. ڕاستە ئێوە بە ساوایی ئەو ڕێگایەتان بینیوە، بەڵام هەر دایکە قارەمانەکەتان، هەموو زەحمەتییەکانی ڕێگای ئێوەی چەشتوە و لە هەموو بارودۆخێکیش پشت و پەنای من بووە . هیوادارم کە گەورە بوون لە بیری نەکەن.

٦

کچەکەم.. دەستبەدەست دوای سێ ڕۆژان، لە سێیەم ڕۆژی جەژنی قوربانی موسلمانان، ئێوە گەیشتوونەتە شاری گەوەڕێ و ماڵی مەلا حوسێنی بارچینی. کە بەپێچەوانەی ئەو ماڵەی سەر ڕێگاتان کە شەو و ڕۆژی یەکەمی ئەو جەژنە، لە لایان ماونەتەوە، بەبەرچاوی ئێوە، خۆیان شیوی جەژنی پڕ گۆشتییان خواردووە و نان و چایشیان لەبەردەمی ئێوە داناوە، تۆ بە خۆت نەوەستاوی و گوتووتە، دایکە منیش گۆشتم دەوێ! بەڵام دایکە دڵ گەورەکەت، نەیهێشتوە، ئەو ماڵە تێبگەن و تۆی بەشتێکی دیکە خەریک کردووە. کەچی لە ماڵی مەلا حۆسین بە پێچەوانەوە، بەبێ ئەوەی پارەیان لێوەرگرتبن، پێشوازییەکی گەرمیان کردوون، ژنەکانیان بەگەرمی ئێوەیان لە باوەش گرتووە، هەرگیز جوامێری ئەو بنەماڵەیە لەبیر ناکەین کە بە ئێوەیان گوتبوو..

_ ئەوەش ماڵی خۆتانە، هەتا عباس دەگاتە ئێرە و دواتریش، ئەگەر بە ئێمە ڕازی ببن، بەسەرچاومان بەخێر بێن، شەرم لە هیچ مەکەن.. یەکسەر لە ژوورێکی پۆشتەدا، بەتەنیا جێگایان کردبوونەوە..

٧

ڕۆڵە شیرینەکەم.. ساڵێک دەبوو، لە یەکتر دوورکەوتبووینەوە، بەتایبەت تۆ و دایکت، چونکە چرای خنجیلانەم جارێ هەر نەدیتبوو. هەر چەندە بە

هۆی هاوڕێیانەوە، بەوە ئاگادار بووم کە ئێوە لە زیوە بەرەو گەورێ بەرێکەوتوون، بەڵام بە هۆی دواکەوتنی دەرچوونی مۆڵەتەکەم لە لایەنی پۆلیسی ئەو شارەی لێی بووم، چاوەڕوانی دەنگی ئێوە بووم لە کوێ سەردەردەکەن. ئەو ڕۆژەی لە گەورەوە تەلەفۆنیان بۆ ئەو ماڵەی دراوسێمان کرد، کەخانووەمان لێ بەکرێ گرتبوون، من لەگەڵ ئەو برادەرانەی بەیەکەوە دەژیاین، خەریکی نانخواردنی نیوەڕۆ بووم.. یەکسەر چومە پۆلیس و مۆڵەتەکەمیان بۆ تەواو کرد و بەرەو شاری وان بەرێکەوتم، بۆ ڕۆژی دوایی، شەوەکەی گەیشتمە گەورێ، دونیا تاریک ببوو، هەتا ماڵی مەلا حوسێنی بارچینم دۆزییەوە.. لە دیوەخانی ئەو ماڵە بەیەکتر شادبووینەوە، تۆ لە دوورەوە بە هۆی چاویلکەکەم، منت ناسییەوە و خۆت لە باوەشم گرتەوە، بەڵام کە چرا یەکەمجار بوو، چاوی بە من بکەوی هەر بۆم پێدەکەنی و خۆی هەڵدەدا بێتە باوەشم. ئەو جارەش دەستمان لە ملی یەکتری کردەوە، هەناسەی دڵنییامان هەڵمژی.. ماڵی مەلا حوسێن و مەلا تەیبی کوڕی زۆریان ڕیز لێ ناین، هەتا شەودرەنگ دەوری منیان دابوو، بە باسوخواسی کوردان، بەوپەڕی ئازادی سەری یەکترمان گەرم کردبوو.. ئەوان زۆریان هەوڵ دەدا، ئێمە هەر لە لای ئەوان بمێنینەوە، بەڵام مۆڵەتەکەی من هەر ئەوەندەی بە بەرەوە بوو، کە بەیانی دوای قاوەڵتیکرن، بە چاوی پڕ لە فرمێسک ماڵئاواییمان لە یەکتری کرد و بۆ نیوەڕۆکەی هاتینە شاری وان و لەوێ لە هوتێلێکی شارەکە بۆ شەوەکەی ماینەوە. وەرزەکە هاوین بوو، هەتا درەنگی شەوێ، لە شەقام و جادەکانی ئەو شارە سوڕاینەوە. دیمەن و ئاووهەوای دەریاچەی وان، لە دوورەوە ئاسمانی شارەکەی فێنک کردبووەوە.

کچەکەم.. بۆ بەیانی بە سواری ماشینی گەورە، بە ڕۆخی دەریاچە جوانە پڕ لە ئاوە شینەکەی وان دا، بەرەو شاری قەیسەری بەرێکەوتین و شەوێک لە ماڵی سەعید کاکەیی و چرۆ خان ماینەوە و بەیانی ئێوارەکەی لە شاری قۆنیا خۆمان دیتەوە..

٨

کچەکەم .. دوای ئەوەی ئێوەم بە پۆلیس ناساند، بە ماوەیەکی کورت، لە دەزگای پەنابەرانی یونێن، بۆ چاوپێکەوتنی کۆمیتەی وەرگرتنی پەنابەران لە لایەن سویدەوە، بۆ شاری ئەنقەرە بانگ کراین، لەو دیدەنییەدا، ئێمەشیان لەپاڵ دەیان سەڵت و خێزانی دیکە، وەک پەنابەری سیاسی لە وڵاتی سوێد وەرگرت..

ئەو ڕۆژە دڵمان زۆر خۆش بوو، بەتایبەت تەندروستی من خراپ بوو، هەر چەندە مانگێ دوو جاران، بۆ لای دوو پزیشکی کوردی باکوور لە ئەستەنبول هاتوچۆم دەکرد، کە لە ڕێگای دۆستی هاوشاری هەولێرمان دوکتۆر فەرهاد جەلیل خەیات، ئاسانکاریم بۆ کرابوو.. ماڵیان ئاوا بێت پڕۆفیسۆر ئۆغزلاو و پڕۆفیسۆر ئیسماعیل بەبێ بەرانبەر، زۆریان خزمەت کردم، هەر لە ڕێگای ئەوانیشەوە چەند جارێک بە خزمەت نووسەری گەورەی تورکیا، یەشار کەمال گەیشتووم و زۆری ڕیز لێ ناوم..

بەڵێ کچەکەم.. بەبۆنەی وەرگرتنمان لە وڵاتی سوێد، لەگەڵ کاکە حەمەی هاوڕێمان کە هەر لەگەڵ ئێمە دەژیا و ئەویش لە وڵاتی کەنەدا وەرگیرابوو، بەیەکەوە ئاهەنگێکی خنجیلانەمان ساز کرد..

٩

کچەکەم.. ئەو سەربردەیەی بۆتم گێڕایەوە، بەسەرهاتی تەواوی چۆنیەتی هاتنتانە بۆ وڵاتە نازدارەکەی سوید، کە بە میهرەبانی و مرۆڤدۆستی خۆیانەوە جێگای ئێمەیان کردەوە، خانووبەرەیان بۆ دابین کردین..

دەستەبەری خوێندن و گوزەرانێکی سەرەتاییان لەبەردەست داناین، هەتاکو خۆمان، من و دایکت دەستمان بە کارکردن کرد، ئێوەمان هەنگاو بە هەنگاو لە سێبەری دڵنیایی سوێد گەورە کرد، دوور لە ترس و ڕاوەدونان و ئەو ماڵ و ئەومااڵکردن، بەیەکەوە ژیاوین.. ئێوەش تۆ و چرا، هەنووکە لەپاڵ ئەو دوو خوشکەی دیکەتان، گۆنا و لارا کە لە سوێد لە دایک بوون، سەربەرزانە لەگەڵ خوێندن و کارکردن، ئێمەتان سەربڵند کردووە.

١٠

کچەکانم.. بۆ پێزانینتان، تۆ و چرا ، لەگەڵ دایکت و من، بە سواری فڕۆکەی گەورە، کە هەموومان بۆ یەکەم جار بوو، بە سواری فڕۆکە سەفەر بکەین، لە ڕۆژی ١٩٨٩/٢/٢ گەیشتووینەتە شاری ڤێستەرۆس و یەکەم جار لە کامپی هالستاهامەر، بۆ ماوەی بیست ڕۆژان جێگیر بووین.. دواتر بە هۆی هاوڕێیەکمان بەناوی دڵشاد، لە شارەکەی خۆیان، هودیکسڤال لە کۆمونەکە وەرگیراین و بۆ ئەوێمان گواستەوە و هەر لەوێش لەگەڵ هاوڕێ ڕەوەز بە یەکتر شادبووینەوە.. ئیتر ئێوە بە خۆتان لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن، بە ژیانی دواتر ئاگادارن.. لەگەڵ دوو خوشکەکەی ترتان، گۆنا و لارا وەک چەپکە گوڵی باغی ژیان، سەرکەوتن و سەرفرازیتان بە ئومێد دەخوازم.. هەر بژین.


نرخی 2000 دیناره
Sagor for Barn
Av.. Kakabas Hussain
Kurdistan Hawler